# له مەدینەدا پیاوانێک هەن ئەگەر ئێوە هەر دووریەک ببڕن، وهەر دۆڵێک تێبپەڕێنن؛ لەگەڵ ئێوەدان بەڵام نەخۆشی ڕێگری لێکردوون

له ئەبی عبدالله جابری کوڕی عبداللهی ئەنساڕیەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- بووین له غەزایەکدا، -صلى الله علیه وسلم- فەرمووی: «له مەدینەدا پیاوانێک هەن ئەگەر ئێوە هەر دووریەک ببڕن، وهەر دۆڵێک تێبپەڕێنن؛ لەگەڵ ئێوەدان بەڵام نەخۆشی ڕێگری لێکردوون». وله گێڕانەوەیەکدا: «ئەوا بەشداری ئێوەن له پاداشتدا». له ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: له جەنگی تەبوک گەڕاینەوە لەگەڵ پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم-، فەرمووی: «کەسانێک هەن له پشتمانەوە له مەدینەدا ئەگەر ڕێگای هەرشاخێک یان هەردۆڵێک ببڕین؛ ئەوا لەگەڵ ئێمەدان، بەڵام عوزر (بیانوو) ڕێگری لێکردوون».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە - موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله علیه وسلم- باسی پیاوانێک دەکات کە هیچ شتێک ڕێگری لێنەکردوون له جیهاد کردن جگە له نەخۆشی وهاوشێوەکانی نەبێت وەکو عوزری (بیانووی) ڕێگەپێدراو، دەفەرموێت: ئەگەر موجاهیدەکان هەر دووریەک ببڕن یان هەر دۆڵێک تێبپەڕێنن ئەوا ئەوانەی عوزر ڕێگر بووە له ئامادە بوونیان؛ هەمان پاداشتی موجاهیدەکانیان بۆ دەنووسرێت و وەکو ئەوە وایە لەگەڵیاندا ئامادە بن.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee